کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 19:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مەترسیەکانی بەردەم دادگایکردنی ئەنفالچیە کوردەکان لەبەغدا ... هیلال ئیبراهیم

ماوەیەکە ڕاگەیاندنی کوردی بە بینراو نوسراو بیستراوبە سەربەخۆ و حزبیەوە بەگەرمیەوە سەرقاڵی ئاراستەکردنی دادگایکردنی ئەو کوردانەیە کە بەشداریان لەپرۆسەی ئەنفالدا کردووە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەبەغدا. بەم هۆیەوە زۆربەی بەرپرسە سیاسیەکانیش چ لەنێو کوردستان و چ لەبەغدا کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەم ڕەوتەی ڕاگەیاندن و بەو ئاراستەیەش کاریان کرد کە دادگایکردنەکە بەو ئاقارەدا ببەن کە ئەنفالچیە کوردەکان لەبەغدا دادگای بکرێن.

بۆیە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان سیاسیەکان و هاووڵاتیانی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، ئەم سەرنج ڕاکێشانەی ڕاگەیاندنەکان وایکردوەکەپێشنیازکردنی دادگاینەکردنی ئەنفالچیە کوردەکان لەبەغدا زۆر سەخت بێت. ڕەنگە ئەگەر سیاسیەك پیشتگیری لەم کارە بکات هەڵابنێتەوە وببێتە هۆی نارەزای.

بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ دادگایکردنی تاوانبارە کوردەکان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ڕەنگە ببێتە جێی مەترسی بەرەسمی ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید چونکە بە گوێرەی ئەو پێناسە گشتیە کە بۆ ئەو تاوانە کراوە جینۆساید بریتیە لە (لەناوبردنی سیتماتیکیانەی هەموو یان بەشێکی کۆمەڵەَ خەڵکێك بەهۆی جیاوازی ئایینی یان زمان یان ڕەگەز یا نەتەوە) وە.

هۆکاری لەنێوبردنی ئێمەش وەك کورد لەلایەن ڕژێمی پێشوەوە ئەوەبوە کەکوردین، بۆیە زۆربەی شاهیدەکان لەکاتی شایەتیداندا لەبەردەم دادگا دەیان گووت (ئێمە لەبەر ئەوە لەناوبراوین چونکە کوردین) لەو کاتانەدا کە شاهیدەکان ئەم قسەیان دەرکرد دادوەری دادگا وپارێزەرانی تاوانباران ئەوەیان دەگووت (ئایا لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا کوردتان نەبینی، کوردەکان هاوکاری سەربازەکانی عێراقیان نەکرد لەپرۆسەکەدا)

ئەم پرسیارکردنە لەو کاتەدا لەلایەن دادوەرو پارێزەرانەوە بۆ ئەوەبوو تا بزانن کەسی کوردیش بەشداربووە لەو شاڵاوەدالەبەر ئەوە وەڵامەکانی ئەوپرسیارانەیان هەڵگرتوە بۆ کاتی دادگایکردنی ئەنفالچیە کوردەکان کاتێك کە ئەوانیش برانە بەردەم دادگا و ئیتر مەترسی لەسەر ئەوە دروست دەبێن ئەنفال وەك جینۆساید بناسرێت چونکە هاوکاری کردنی ڕژێم لەلایەن کوردخۆیەوە لەگەڵ پێناسە گشتیەکەدا بۆ جینۆناسید ناگونجێت و ناکۆکە، بۆیە ئەوان دەڵێن چۆن دەبێت میللەتێك لەشاڵاوێکدا خۆی لەناوببات وئەو لەناوبردنەش وەك جینۆساید بناسرێت.

ئەگەر کەسایەتی کوردیش وەك بەشدار لەو شاڵاوەدا بخرێتە ڕوو ئەوکاتە تاوانەکە وەك تاوانێکی نێو دەولەَتی پێچەوانە دەبێتەوەو دەبێتە کێشەیەکی سیاسی ناوخۆی نێوان کوردەکان و حکومەتی عێراق، ئەمە جگە لەوەی ناوەندی سیاسی و ڕاگەیاندنی عەرەبی پرۆسەکە دەشێوێنن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

. ئەگەرچی پشتگیری کردن لەبیرۆکەیەکی وەها زۆر سەختە و رەنگە نارەزای لێبکەوێتەوە بەڵام ئەگەر بریارێکی واش بدرێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێویستە بەدیل بدۆزێتەوە بۆ سزادانی تاوانباران، یەکێك لەبەدیلەکانیش دامەزراندنی دادگایەکی نیشتمانیە بۆ لێکۆلینەوە و دادگایکردنی تاوانباران (کە لەئێستادا گومانم هەیە سەرکردایەتی کورد بتوانی دادگایەکی نیشتمانی تایبەت بە دادگایکردنی ئەو تاوانبارەکوردانە دروست بکات)

ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد توانای دامەزراندنی دادگایەکی نیشتمانی هەیە ئەوە با بیدات و لە کوردستان ئەو تاوانبارانە دادگای بکرێن، ئەگەرنا با دادگای باڵای تاوانەکان عێراق لێکۆلینەوەیان لەگەڵا بکات و سزایان بدات

بۆ مەسەلەی ئەگەری رووداني کێشەش لەبەردەم بەرەسمی ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید رێگای جۆر بەجۆری دیکە هەیە کورد بیگرێتە بەربۆ نەهێشتنی مەترسیەکان.

هەموومان دەزانین دروستکردن و دامەزراندنی دادگایەکی نیشتمانی لەکوردستان ئاستەم و کێشەیە چونکە پێویستی بە بڕیاری سیاسی جدیە کە دادگایەکی تایبەت دابمەزرێنرێت بۆئەوەی وەڵامی ئەو خیانەت و تاوانە بداتەوە کەروویدا. لەو دادگانیشتمانیەدا ئەو کوردانە وەك خیانەتکار و تاوانبار لە پرۆسەی قڕکردن لێکۆڵَینەوەیان لەگەڵا بکرێت و سزابدرێن.

چونکە ئەم شێوە دادگایکردنە هەم دەبیتە هۆیدووخستنەوەی کێشەکانی بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال هەمیش کورد دووردەخاتەوە لە کەوتنە نێو ململانێی ئیعلامی و سیاسی لەگەڵ دنیای عەرەبیدا

ئەوەشی لەهەمووی گرنگترە دادگای کردنی تاوانباران لەدادگایەکی نیشتمانیدا لەکوردستان دەبێت سەرەتایەك کە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەتوانێت بریاری جدی بدات و لە غەمی چارەنوسی مییلەتەکەیاندابن هەروەها دادگاکە دەبێتە یەکێك لەو پرۆسە گرنگانەی میژوی بەرێوەبردن وحکومکردنی کورد. ئێستا هاووڵاتیان چاوەرێی دادگای کردنی تاوانباران و قەرەبوکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان و مەسەلەی بەرەسمی ناساندنی کێشەکەیانن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.